پەروەردەکردنی منداڵەکانمان

لە چوارچێوەی
خێزان و کۆمەڵگا و قوتابخانەدا

نوسینی:
عەزیز ئالانی



16463

زنجیرەی پەروەردەیی

کتێبی ژمارە (٢)

Preview sample - page 1 of 10 - Soran University Academic Digital Library

بلاوکراوەی خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا

زنجیرەی ٢٩٧

ناونیشان / سلێمانی -سەرەتای شەقامی مەولەوی- بەرامبەر پالاس

مۆبایل ناسیا ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧ - ساڵا ٠٧٥٠١١٢٨٢٨٨

chrachra٨٥@yahoo.comEmil:

http://www.facebook.com/chwarchra.chapxanai?ref=tn_tnmn

http://www.facebook.com/KtebxanaiChwarchera?ref=hl

ناوی کتێب: پەروەردەی منداڵەکانمان

نووسینی: عزیز ئالانی

(٠٧٧٠١٥٥٩٣٣٨-٠٧٥٠١٥٥٩٣٣٨) ٠٠٩٦٤

ئامادەکردن: ژیان جلال

بەرگ: فەرهاد

چاپخانە: چوارچرا

ژمارەی دانە: ١٠٠٠ دانە

ساڵی چاپ: ٢٠١٤

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە (١٤٣٦) ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 10 - Soran University Academic Digital Library

•ناوەرۆك

بۆ زانین	٧
خوێناساندن	٨
پێشەکی	٩
ئەندێشە هەڵوێستەیەك	١٣
با سروشتی منداڵ بناسین وەك خۆی	١٧
وشەی پەروەردە	٢٤
مێژووی پەروەردە	٢٨
تایبەتمەندیەکانی مێژوی پەروەردەی بەرایی	٣٤
پێویستی (بوون)ی پەروەردە	٣٨
مەبەستەکانی پەروەردە	٤٢
دوو جۆرە مەبەستەکانی پەروەردە	٤٥
نامانجە پەروەردەییەکان	٤٨
نامانجە ستراتیژی و هەنوکەییەکانی پەروەردە	٥٢
ئەرکەکانی پەروەردە	٥٦
پەیوەندی پەروەردە بە فەلسەفەوە	٦٠
پەروەردە و ئەنسرۆپۆلۆژیا	٦٤
پەروەردە و سۆسیۆلۆژیا	٦٨
پەروەردە و بایۆلۆژیا	٧١
پەروەردە و سایکۆلۆژیا	٧٤
تیۆرەکانی پەروەردە و بۆچونی زانایان	٧٨
پرۆژەی یەکەمی دەوڵەت پەروەردەیە	٨٢
فەلسەفەی پەروەردە و سوودی لێتێگەیشتنی	٨٨
پەروەردە بە میزاجگەرایی پێش ناکەوێت	٩٣
پەروەردەکار دەبێ پەروەردە ناس بێت	١٠٠
هەندێك خەسڵەتی مامۆستای سەرکەوتوو	١٠٧

Preview sample - page 3 of 10 - Soran University Academic Digital Library

دایکان و باوکان نەندازیاری کەسێتی نەوەکانن ١١٣
دەسەڵاتی سیاسی کوردو ڕەوشی بەروەردە ١١٩
دیموکراسیەتی بەروەردەیی و بەڕێوەبەری قوتابخانە ١٢٥
نوسەرو ڕۆشنبیرانی کورد و پەروەردەکەمان ١٣١
پشووی هاوین و پەروەردە ی منالەکانمان ١٣٦
خزمایەتی و پەروەردەی خێزان ١٤٢
ڕەفتاری باوانی و مامۆستاییمان لەگەڵ منداڵەکانماندا ١٤٨
مێژوی کاری ڕێنمایی ، ڕێنماکاری ١٥٦
جەمکی ڕێنماکاری ١٥٨
ناراستەکاری پەروەردەیی ١٥٩
ناراستەکاری پیشەیی ١٦٠
ناڕاستەکاری دەروونی ١٦١
منداڵێك بە زمانی گەورەکان لەگەڵمان دەدوێ و داوای مافەکانی خۆی دەکات
١٦٣ تاکو ١٧٩
ژیاننامەی بەروەردە ناسێکی جیهانی ١٨٠
فەلسەفەی بەروەردە ١٨٤
فەلسەفەی بەروەردەی خێزانی ١٩١
بەیەکدوکردنی فەلسەفەی بەروەردە لە خێزاندا ١٩٦
شارەزایی و کارامەیی و مەشق ١٩٧
تایبەتمەندیەکانی بەروەردەکار ٢٠١
نمونەی کرداری ژیانی ڕۆژانەمان و ڕاستکرنەوەکان ٢٠٦
یەکانگیری بیری بەروەردەیی ٢٢١
بەروەردەو فێرکردن ٢٢٣
نامانجەکانی فەلسەفەی بەروەردەی خێزانی ٢٢٦
نامانجەکانی یەکانگیری بەروەردە ٢٣٠
ڕێزگرتن و خۆشەویستی لە بەروەردەدا ٢٣٣
دیاریەکی سادە بۆ خوێنەرانی نەم کتێبە ١٦٤

Preview sample - page 4 of 10 - Soran University Academic Digital Library

بـــۆ زانـــین

خوێنەرانی بەڕێزم.....!

زنجیرەی هۆشیاریی پەروەردەیی، زنجیرە کتێبێکە لە ساڵی (٢٠٠٨) ە وە دەستم کردوە بە نوسین و بڵاو کردنەوەیان کە تا ئێستا هەندێکیان چاپکراون و بڵاو کراونەتەوە و ئەوانەی تریشم ئامادەن بۆ چاپکردن، بەم ناوانەی خوارەوە :

کتێبی یەکەم : هەزری پەروەردە و فەلسەفەکەی، لە ساڵی ٢٠٠٨ چاپی یەکەمی بڵاو کراوەتەوە، کەلەلایەن لیژنەیەکی وەزارەتی پەروەردە وە بڕیاری لەسەر دراوە.

کتێبی دووەم : پەروەردە منداڵەکانمان لە چوار چێوەی خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەدا، کە ئێستا لەبەر دەستی بەڕێزتانداید.

کتێبی سێیەم : یاساکانی ژیری و بیرکردنەوەمان، کە ئامادەیە بۆ چاپ.

کتێبی چوارەم : خێزانپەروەریی، کە ئامادەیە بۆ چاپ و بە دوور درێژی باسی سستمەکانی پەروەردەی خێزانی و گرفت و کێشە و چارەسەرەکان دەکات.

کتێبی پێنجەم : پەروەردە و جاودێری منداڵە ساواکەت دەکەیت؟ تایبەت بە دایکان و فەرمانبەرانی دایەنگەکان.

تەمەن بمێنێ.. بەردەوام دەبین. ژمارەی موبایلی نوسەرو خاوەنی ئەم پرۆژەیە:

((٠٧٧٠ ١٥٥ ٩٢ ٢٨ / ٠٧٥٠ ١٥٥ ٩٢ ٢٨))

Preview sample - page 5 of 10 - Soran University Academic Digital Library



خۆناساندن

- ناوی تەواوم ((عزیز عبدالله رسول)) ە و بە ((عزیز ئالانی)) ناسراوم، لە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی (شاناخسێ) ی (ئالان) ی شارباژێری سەر بە سلێمانی لە دایکبووم لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار
- بڕوانامەی بکالوریۆسی (بەرودردو سایکۆلۆژیا) و (دبلۆمی تەکنۆلۆژیا) م هەیە.
- بەشداربوی کۆنگردی چواردمی بەرودرددی وەزارەتی بەرودرددی هەرێمی کوردستان بووم.
- ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی زانستخوازانی سلێمانی بووم و ماوەی (٤) ساڵ سەرۆکی کۆمەڵەکەش بووم کە کۆمەڵەیەکی زانستی و بەرودرددیی و فێرکاری و خۆبەخشانەیە.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامە نوسانی کوردستانم.
- لە ساڵی (١٩٩٢) ە وە لە بواری بەروردە و ڕاگەیاندنەدا کار دەکەم و تاکو ئێستا دانەبڕاوم و ماوەی نزیکەی (٤) ساڵ بەڕێوبەری TV بەرودرددیی بووم، پێش ڕابەڕێنیش لە گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵدا بەرهەمەکانم بڵاو دەکردەوە.
- دەیان و سەدان بابەتی بڵاو کراوەم هەیە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ئەنتەرنێتدا بەهەردووک زمانی کوردی و عەرەبی.
- زیاتر لە (٨) کتێب و نامیلکەی چاپکراوم پێشکەش بە کتێبخانەی شێرینی کوردی کردوە لە بواردکانی بەروەردە و، وێژە، زانستدا.
- بەشداری چەندین خولی بەروەردە و ڕاگەیاندن بووم لە ناوخۆی کوردستان و وڵاتانی هەندەران و ماموستای چەندین خول بوم.
- دەیان کۆڕو سمینارم پێشکەشکردوە.
- ئێستا فەرمانبەری وەزارەتی بەروەردەم بە ناونیشانی (بەڕێوبەری جێبەجێکار) لەسەر میلاکی TV بەرودرددیی و ماموستای (وانەی فەلسەفەی بەروەردە) م لە بەڕێوبەرێتی مەشق و ڕاهێنانی بەروەردەی سلێمانی.

Preview sample - page 6 of 10 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ئێمە دەژین، بەڵام ژیانمان بریتیە لە وەڵامدانەوەی بەردەوامی مێشك و ژیریمان بۆ ئەو ناوەندە ژینگەیەی کە دەوری داوین، پەیتا.. پەیتا.. لە ڕێی هەستەکانمانەوە هەست بە دەنگە جیاوازەکان و ڕەنگە هەمە جۆرەکان و تام بۆنە لە یەکتر نەچووەکان دەکەین و ئەو هەستپێکردنەشمان لە ڕێی ئەندامەکانی هەستەکانمانەوە و وەکو نامە و پەیام ڕەوانەی مێشکمان دەکرێن، مێشکیشمان هەموویان وەردەگرێت و دەیانخاتە ناو بۆتەی بیرکردنەوە و کار لێکی بیرمانەوە، سەرەنجام چەند ئەنجامێکیان لێ دەکەوێتەوە کە پێیان دەوترێت بەرهەمەکانی کارلێکی هزریمان، ئەو بەرهەمانە بە چەند پالێوەرێکدا ڕەت دەکرێن و پوختە دەکرێن و لە تۆمارگەی یادگە (ذاكرة) دا بەپۆلێنکراوی تاقت (خزن) دەکرێن.

لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەزاران بیرو بیرۆکە بە ئەندێشەماندا دێن و لەگەڵ ئەو پوختە کراوانەی یادگەماندا بەراورد دەکرێن و بەرهەمی نوێیان لێ دروست دەکرێت، هەموو مرۆڤێکی ناسایی لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا (٦٠٠ ٠٠٠) بیرۆکەی بۆ دێت کە زوربەیان سەلیبن، مرۆڤەکەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو بیرۆکانەوە و نا چارە بیانخاتە ناو بۆتەی کارلێکی هزری خۆیەوە و کاریان لەسەر بکات، هەندێ لەوانە ڕەت دەکاتەوە و دەیانسڕێتەوە، هەندێکیان وەردەگرێت و وەکو خۆی تۆماریان دەکات و دەیانپارێزێت، هەندێکیشیان وردو خاش دەکات و لە پارچەکانیان بیرۆکەی نوێ دروست دەکات.

هەموو بیرۆکەیەکی (نوێ) ش (ڕەفتارێکی نوێ) ی لێ دەکەوێتەوە، کەواتە بەردەوام ڕەفتارەکان و هەڵوێستەکانمان، گوتارو وتە ودرکەو قسەکانمان، کردار و ڕەفتارو جووڵە و هەڵسوکەوتەکانمان لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر دەگۆڕێن، بە واتایەکی تر میزاج و هەڵچوونەکانمان لە گۆڕانی بەردەوامدان، تێڕوانین و بیرو بۆ چوونمان بۆ گەردوون، جیهان، ژیان، خۆمان، خەڵکی و.... هتد وستا وو نەگۆڕو چەسپاونین، بە کورتی (کەسێتی) مان هەمیشە لە باری گۆڕانکاری دایە و هیچ کاتێك لە ژیانمان کەسێتیمان وەك کاتێکی پێشوو ترمان یان داهاتوومان نیە، مەگەر

Preview sample - page 7 of 10 - Soran University Academic Digital Library

لە خالە جەوهەری و ستراتیژیەکاندا نەبێت، هۆکاری ئەم گۆرانە بەردەوامەشمان بریتیە لە و گۆرانەی هەمیشە لە بیرماندا ڕووەدات کە نیشانەیەکی مەزنی گەشەکردنمانە و بەڵگەیە لەسەر نەوەی کە هۆش و بیرمان چالاکە و کار دەکات و نەوەستاوە. سەرەنجام ڕوونە لە لامان کە هەموو گۆرانکاریەکانی کەسێتیمان و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانمان بەرهەمی بیرمانن، جۆن بیر بکەینەوە ناواش ڕەفتار دەکەین، بیر لە چی بکەینەوە بەو ناراستەیەشدا هەڵسوکەوت و جم و جۆڵ دەکەین، کەواتە کە چاکین، چاکی بیرمانە کە خراپین خراپی بیرکردنەوەمانە. (١)

هەر چی شتێك دەڵێین و دەکەین بە فرمان و بڕیاری بیرمانە، بیر کردنەوە باشەکانمان دەروازەکانی باش ڕەفتاریمان بۆ دەخەنە سەر پشت و بەپێچەوانەیشەوە بیرکردنەوە خراپ و لارو لە وێرەکانمان دەرك و دەروازەکانی بەدکاریمان لە مێشکماندا بۆ دەکەنەوە و بەو ناراستەیە دا دەمانبەن.

زوربەی بیرکردنەوە و بیرۆکەکانی مرۆڤ سەلبین، نەمەش سیفەتێکی باشی بیرمانە، چونکە نەگەر بیرکردنەوەمان بەرانبەر بە ژیان نیجابی بێت، نەوا تێڕوانینمان بەرانبەر بە شتەکانی ژیانیش نیجابی دەبێ و هەستی ڕەخنە گریمان بۆ دروست نابێ، بە واتایەکی تر (ڕازی دەبین) بە هەموو نەو شتانەی لە دەوروبەرماندا ڕووەدەدن و هیچ وەڵام و بەرچە کردارێکمان نابێ بۆ کاریگەریەکانیان، لەو دەمەدا نێمە هێزی خواست و ویستی خۆمان (قوة الارادة) مان لە دەست داوە، هەر کە مرۆڤیش خواست و ویستی لە دەست دا ئیتر جاوەڕوانی هیچ گۆرانکاریەکی لێ ناکرێت و ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و داهێنانی ڕادەوە ستێت، ڕاوەستانی داهێنانیش مانای ڕاوەستانی ژیانە، دواکەوتنە، مردنە، چەقبەستنە، بەرەپێنەدانە، چێژ وەرنەگرتنە لە ڕووگەشەکانی ژیان، بەجەمسەرەکەی تردا ڕاوەستان و سست بونی بیرمانە، کە دەکاتە کاڵ بوونەوە و نەمانی فەلسەفە لە ژیانماندا، ئیدی نازانم ژیان ج بە هایەکی بۆ دەمێنێتەوە کاتێك فەلسەفەی تێدا نەماوە؟

مرۆڤەکان لەسەر ناستی تاکە کەسی خۆیان و لە چوار چێوەی

١- بۆ زانیاری زیاتر کتێبی ژمارە (٢) ی ئەم زنجیرەیە بخوێنەرەوە بە ناوی پاساکانی زیری و بیرکردنەوەمان.

Preview sample - page 8 of 10 - Soran University Academic Digital Library

خێزانەکەشیاندا زۆر ماندووبن و بە دوای ئاسودەیی و بەختەوەری و ئارامی گیانی و سەروتی دەروونیدا وێڵن بەڵام زۆربەیان لەو دەروازەیەوە ناچنە ژورەوە کە دەیانباتە سەر خوانی بەختەوەری بەڵکو ڕێچکە و ڕێبازە هەڵدێرو دورو سەختەکان دەگرنە بەر، بۆیە زۆربەیان یان ناگەنە دۆزینەوەی بەختەوەری یان بە ماوەیەکی زۆرو تەمەنێکی درێژەوە لە کۆتاییدا دەگەنە سەرچاوەی بەختەوەری، ئەو کاتەش هێندە تەمەنیان بەبەرەو نەماوە کە فریای چێژ کردن لەو بەختەوەری ئاسودەیی یە بکەن.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە بە ختەوەری و ئاسودەیی دەبێ لە دەروازەی بیرەوە بڕواتە ژورەوە، سەرەتا بیری نۆژەن و ڕوناك و گەش بکاتەوە، لابەڕەکانی دەفتەری هزری بەوردی بکاتەوە و بخوێنێتەوە. خۆی بکاتە خاوەنی بیرێکی وردو ڕون و گەش و کاراو هاوسەنگ لە ئەزمونی ژیانی خۆی و کەسانی تر بە هردەمەندبێت، بوێر و داهێنەرو پلاندانەر بێت بۆ هەموو پرۆسەیەکی بیرکردنەوە و بڕیارو هەڵسوکەوتو کردار و گفتارەکانی، بە چاوی پرۆژەوە بڕوانێتە هەموو شتێك و مامەڵەی وردو هەمەڕەهەندو واقعیانە لەگەڵ بیرو ژینی خۆی دا بکات و دەست بگرێت بە بڕی (کات) و (وزە) ی خۆیەوە.

هەموو ڕەفتارو کردارێکی جوان بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی جوانی مرۆڤەکانە، کەواتە سەرەتای هەموو گۆڕانکاری و پەرەپێدان و داهێنانێك لە بیرێکی نوێ و گەش و خاوێنەوە هەڵدەقوڵێت، بە واتایەکی تر هەرگیز پەروەردەی هیچ گەل و نەتەوە و ولاتێك پێش ناکەوێت هەتاکو ئەو پێشکەوتنانە سەرچاوەکەیان بیرێکی گەش و خاوێن نەبێت، لە پشتی هەموو شۆڕشێکی ئازادیخوازانەوە بیر گەلێکی ئازادیخواز هەیە.

پەروەردەش گەورە ترین شۆڕشی بەردەوامی مرۆڤایەتیەکە دەبێ هەمیشە لە پشتیەوە بیرگەلێکی داهێنەرانە و بوێرو دلێرو دانا و هۆشیارو ڕوناکبیر هەبێت، زانا و دانایانی بواری پەروەردە بە خۆیان و دڵسۆزی و توانا و فەڵەم و بیری ڕوناکیانەوە لە پێشەنگی ئەو کاروانی شۆڕشە مەزنەدان.

دەبێت کاری یەکەمی حکومەت و دەسەلاتی باڵای وڵات بریتی بێ لە دارشتنی سستمێکی پەروەردەیی تۆکمە و وردو پڕ لە حیکمەت کە لە لایەن زانایانی

..

Preview sample - page 9 of 10 - Soran University Academic Digital Library

پەروەردە و سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتی یەوە دابنرێ و چاودێری بکرێت.

ئەم کتێبە هەنگاوێکە بۆ هاندانی حکومەت و زاناو ڕوناکبیرانمان تاکو بە شێوەی پرۆژەی بێنە مەیدانەوە و بۆ دارشتن و پەیڕەوکردنی سستمێکی پەروەردەیی مەزن بۆ گەورە و بچوک و خەڵك و قوتابی و خێزان و مامۆستا و سەرجەم پیشەوەرە جیاوازەکان، بۆ ئەوەی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بکەنە خاوەنی یەك بیری یەکانگیری ڕوون و ئامانجدارو ئامانجدیار. چونکە تا گەورەکانی کۆمەڵگە و خێزان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە پەروەردە تێنەگەن نەوەی نوێش بە دروشم پەروەردە ناکرێ بەو ئومێدەوەم کە هەموولامان هاوکارو دڵسۆزبین لە گەیاندنی پەیامی پەروەردەییماندا.

ئەم کتێبە بۆ ئەوە نیە کە لە گۆشەی کتێبخانەدا دابنرێ. بەڵکو بۆ ئەوە نوسراوەکە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە کە تەمەنی لە سەروو (١٨) ساڵەوەیە بیخوێنێتەوە، لێی وردبێتەوە، دێڕ بە دێڕی ڕافە بکات و شی بکاتەوە، پرسیاری لە لا دروست بکات و هانی بدات بۆ خولیاگەردانی دۆزینەوەی ئەگەر و وەلامەکان.

ئەم کتێبە بۆ ئەوە نوسراوە کە بیرو بۆ چوون ومێشکت بوروژێنێ تاکو لە ئاسۆیەکی بەرزترو فراوان و ڕونترەوە بڕوانیتە هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆت و خێزان و هاوڕێ و کەس و کارو دراوسێ و هاوڵاتیانت لە ژیانی کۆمەلایەتیانە و پیشەییتاندا و پەروەردە بوون و پەروەردە کردن بکەیتە کارێکی سەرەکی و هەوێنی هەموو هەنگاوێکی ژیانت.

لە هەر شوێنێکی ئەم کتێبەدا هەڵە و کەموکوڕی و ناڕاستی و ڕەخنەیەکت بە دی کرد، پەیوەندیم پێوە بکەن.. تاکو سوپاسەوە ڕاستی بکەمەوە.

عەزیز ئەلانی

سلێمانی ٢٠١٣/١/٩

Preview sample - page 10 of 10 - Soran University Academic Digital Library